


# هونەرێكی شایستە بە كوردستان
## (كۆتەڵەكانی
## دیدار گەردی بە نموونە)

لە شاری مۆدێرن، ئەو شارەی هەڵگری سیمای سەردەم و هاوچەرخایەتی بێت، وا پێویست دەكات تێكڕای توخمەكانی سەردەمی تێدا بەرجەستە بێت. شارستانیەتی ئەم سەردەمە مۆركێكی جیهانیی هەیە. ئەم مۆركەش ئەوە دەسەپێنێت، كە رواڵەتێک هەیە وەک نموونە و ستاندارد بۆ شاری ئەم سەردەمە لێی دەڕواندرێت.

**ئا/ تاریق كارێزی**

هونەری پەیکەرسازی (کۆتەڵ)، چ لەم سەردەمە، چ لە سەردەمانی رابردوو، بەشێك بووە لە ستاتیکای شار و شوێن و دامەزراوەکان. تێکرای شارستانیەتی بەرەی مرۆڤایەتی جێدەستی خۆی لە هونەری پەیکەردا جێهێشتووە. ئەمڕۆش هونەری پەیکەرسازی بەشێکە لە ستاتیکای هەر شارێکی مۆدێرن. لەگەڵ کولتوور و کەلەپوور و مێژووی هەر گەل و وڵاتێکدا ئاوێزان دەبێت، وەك ئۆرگانێکی ستاتیکی، سیمای وڵات و گەل شانازی و سیمبولەکانی دەخاتە روو.

هونەری پەیکەرسازی (زۆر و کەم)لە شارەکانی کوردستاندا دەبینی. ئەگەر لە چاو شارێکی ئەم سەردەمە، لە شارەکانی کوردستان بڕوانین، لەگەڵ رەچاوکردنی کولتوور و کەلەپووری کورد و مێژووی کوردستان و ئەو سیمبول و هێمایانەی پێویستیان بەوەیە بە پەیکەر بکرێن، دەبێ بڵێین شارەکانی کوردستان لە رووی پەیکەرەوە هەژارن. ئەمەش لە چەندین رووەوە بۆشایی دروست کردووە. هەندێك لە رواڵەتەکانی ئەو بۆشاییەءك کەموکوڕی لە ستاتیکای شار و شەقام و گۆڕپانەکان، فەرامۆشکردنی ئەو کەسانەی بوونەتە بەشێك لە شکۆ و مەزنایەتیی گەل.

تەنیا لە باشووری کوردستاندا دوو کۆلیژ و دە پەیمانگای هونەری جوان (هونەرە جوانەکان هەڵەیە) هەیە، پێشمولیە لە هەر ١٢ دەزگا ئەکادیمییەکەی هونەری جواندا بەشی شێوەکاری (پەیکەرتاشی) هەن. واتە لە ئاستی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هەمان شێوە لە ئاستی بەهرەدارانی بوارەکەش، بایەخ دانێك بە هونەری پەیکەرتاشی هەیە، لەوەش زیاتر، بە گشتی حەز و ئارەزوویەك هەیە ئەم هونەرە لە نێو کۆمەڵگە و لە نێو وڵاتدا سەنگ و ئامادەبوونی هەبێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش: باشە کە لە ئاستی فەرمی و میللی و بەهرەدارانـدا ئەوەندە بایەخ بە هونەری پەیکەرتاشی دەدرێت، لەبەر چی تا ئێستا ئەم هونەرە لە کوردستاندا نادیارە؟

بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: زەمینەسازی نەکراوە. چۆن؟ پەیکەر هونەرێکە خەرجیی دەوێت، هونەرێکە بۆ رۆژێك و دووان نییە، پەیکەر هەیە هەزاران ساڵە ماوەتەوە، گەواهی بۆ شکۆ، رووداو، شارستانیەت، کولتوور و کەسایەتییەکانی سەردەمی ئەفراندنی دەدات. مەزنە مۆزەخانەکانی جیهان بە هەزاران نموونەی پەیکەری دانسقەیان بە شانازییەکی زۆرەوەپاراستووە.

کەواتە بۆ ئەوەی هونەری پەیکەرسازی لە وڵاتی ئێمەشدا بکەوێتە سەر پێ، پێویستی بە پشتیوانیی (کارگێری و یاسایی و دارایی) هەیە. لە ئاستی کارگێڕیدا پێویستە، فەرمانگە و دەزگا و دامەزراوە و شوێنانی بازرگانی و خزمەتگوزاری، وەك بەشێك لە ستاتیکای واتا و جوانیی شوێن، هانبدرێن بایەخ بە هونەری پەیکەر بدەن. ئەم شتەش پێویستی بە یاسا هەیە رێوشوێن دیاری بکات، کە بەرنامەڕێژانە بایەخ بە پەیکەر بدێت. هەردوو بواری (کارگێڕی و یاسا)ش زەمینەسازی دەکەن بۆ ئەوەی لە رووی داراییەوە، بودجە و دەرامەت بەردەستبن بۆ گەشەدان بە هونەری پەیکەرسازی و دروستکردنی زۆرترین ژمارەی پەیکەر، تا ناسنامەی گەل و وڵاتمان بنوێنن.

بۆ ئەوەی بابەتەکە لە زەینی خوێنەر نزیك بکەمەوە، دێمە سەر نموونەی ئەنفال، ئەو مەرگەسات و شاڵاوی تەفکوژییەی لە ساڵی ١٩٨٨دا لە لایەن رژێمی بەعس (سەدام)ـەوە کرایە سەر کوردستانی باشوور، زۆر جوان دەکرێ لە رێی پەیکەرەوە بخرێتە روو. ئیدی نە بۆ نەوەکانمان و نە بۆ کەسانی میوان پێویستمان بە قسەکردن نابێت کە باسی ئەنفال بکەین، شاکاری پەیکەرسازی دەتوانێ زۆر بە رەءنی ئەو پەیامە بخاتە بەر دیدە و سەرنجی هەر کەسێك ء بینەر بێنێتە گۆ و لە ناخەوە بیهەژێنێ.

بە رەچاو کردنی دۆخی هونەری پەیکەرسازی وەك رواڵەتێکی نیمچە نوێباو لە وڵات و کۆمەڵگەی ئێمەدا، لەم رووەوە

**ئەنفال ئەو مەرگەسات و شاڵاوی تەفکوژییەی لە ساڵی ١٩٨٨دا لە لایەن رژێمی بەعس (سەدام)ـەوە کرایە سەر کوردستانی باشوور، زۆر جوان دەکرێ لە رێی پەیکەرەوە بخرێتە روو. ئیدی نە بۆ نەوەکانمان و نە بۆ کەسانی میوان پێویستمان بە قسەکردن نابێت کە باسی ئەنفال بکەین**

باسی وڵاتانی پێشکەوتوو ناکەین کە مێژوویەکی دێرینیان لەم بوارەدا هەیە. ئەوان وەك پاشخان و زەخیرە دەوڵەمەندن، لە رووی ئاستی کار و ئەفراندنەوە جڵەوی هونەرەکەیان لە دەستدایە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ئێمە خۆمان نادیدە بگرین. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت، ئێمە لە هەردوو ئاستەکەدا لە قۆناغێکی بەراییداین. بۆیە کارەکە پێویستی بە پلان و بەرنامەڕێژی هەیە، لە پاڵ دیدێکی دووربینانە.

ئێمە ئەگەر هەر رۆژێك دەستپێبکەین، بە راستی خۆ دەستیشمان پێ کردووە، دەکرێ بەردی بناغەی مێژوویەك دابنێین. دەکرێ سوود لە هەموو دەرفەتێك وەربگرین. یەکێك لە دەرفەتە گرنگەکانی بەردەمی ئێمە، ئەو هونەرمەند و پسپۆڕانەی کوردستانن کە لە وڵاتانی بیانی، بڕوانامە و شارەزاییان پەیدا کردووە. ئەوان لە رووی روانین و ئەزموون و تواناوە، لە ئاستی ئەوەدان بتوانن پڕۆژەی پەیکەر (بە هەمان شێوە هەر پرۆژەیەکی دیکەی شێوەکاری ) لە ئاستێکی باڵا، بە ستانداردی جیهانی جێبەجێ بکەن. ئەم جۆرە هونەرمەندانە هەڵگری کولتوورێکی کوردستانین، دەتوانن بە گوڕ و تینی زیاترەوە، نزیکتر لە رۆحی شتەکانەوە بەرهەم بئافرێنێ. هونەرمەندێکی بیانی ئەگەر بیەوێ پرۆژەیەکی پەیکەر لە کوردستان جێبەجێ بکات، ناتوانێ بە هەمان شێوەی هونەرمەندانی کوردستان لە کرۆکی بابەت نزیك ببێتەوە. ئەمەش شتێکی چاوەڕوان کراوە، چونکە هونەرمەندی کوردستانی پەیوەندییەکی ویژدانیی بە کولتوور و کەلەپوور و مێژووی وڵاتەکەوە هەیە.

دیدار گەردی، هونەرمەند و کەسێکی ئەکادیمییە، لە بنەڕەتدا خەڵکی کوردستانە، ئێستا نیشتەجێی پۆڵەندایە. ئەو ئەندازیار و هونەرمەندێکی ئاشنا بە هونەری مۆدێرنە. چەندین پرۆژەی کۆتەڵ (پەیکەر)ی بۆ باشووری کوردستان ئامادە کردووە. ئەو پڕۆژانە وابەستەن بە مێژووی ئەو سەد ساڵەی رابردووی ئەم بەشەی کوردستان و دۆخی مرۆیی کۆمەڵگەی کوردستانەوە. واتە پڕۆژەگەلێکن گوزارشت لە ناسنامەی کوردستان دەکەن. کوردستان وەك جوگرافیا، مێژوو، چیرۆك و داستانی جوامێری، خەبات و تێکۆشان لە ڕێی ئازادی و پێشکەوتندا.

پڕۆژەکانی دیدار گەردی هی ئەوەن لە دیارترین شوێنی گەورەشارانی کوردستان جێبەجێ بکرێن. ئەو پڕۆژانە لە رووی ئاستی هونەرییەوە، لە رووی ستاتیکا و سەنگی واتاییەوە، لە ئاستێکی بەرزی هەر بەرهەم و پڕۆژەیەکی جیهانیدان، بەجێگەیاندنی ئەم پڕۆژانە سیمایەکی دیکەی هاوچەرخایەتی بە شارەکانی کوردستان دەدەن. لێرە بە دواوە باسی چەند پڕۆژەیەکی دیدار گەردی دەکەم:

**پێشمەرگەی ون**


دیدار گەردی بەم جۆرە پێناسەی ئەم کۆتەڵە دەکات، سەرکردەیەکی کورد گوتوویەتی: «تەنیا چیاکانی دۆستی ئێمەن.» چیایەك دەبێتە دوو پارچە و هەردوو رووباری دیجلە و فراتیش لە چیاکانی کوردستانەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئاگری باوەگوڕگوڕیش لە ناوجەرگەی کوردستانەوە گڕەکەی بەرز دەبێتەوە. کۆتەڵی (پێشمەرگەی ون) لە سەر نەخشەی کوردستان دروست دەکرێت، چەند مۆزەخانەیەکی لەگەڵدا دەبێت بۆ نمایشکردنی کولتوور و کەلەپووری هەموو پارچەکانی کوردستان.دەکرێ ئەم پڕۆژەیە بە راوێژ لەگەڵ هونەرمەند «دیدار گەردی» هەندێك گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، بە چەشنێك پێشمەرگەی ون و کوردستان پێکەوە لەو کۆتەڵەدا ئامادە بن. فۆرمی پڕۆژەکە جوانە، لە رووی نەخشەی هونەرییەوە کارێکی دانسقەیە، هونەرمەند بۆ خۆشی ئەندازەی خوێندووە، ئیدی دەکرێ سەبارەت بە وردەکاریی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە، نەخشەڕێ و کارنامەیەك ئامادە بکرێت.


**نا بۆ دووبەرەکی**

لەم کۆتەڵەدا دیدار گەردی باسی دەردێکی زۆر کاریگەری کۆمەڵگەی کوردستان دەکات، دەردی دووبەرەکی کە بە درێژایی مێژوو زیانی زۆر گەورەی لە کورد داوە. ئەگەر لە رووی فۆرم و دارِشتنەوە بڕوانینە ئەو کۆتەڵە، ئاشکرا و سادە خۆی دەنوێنێ. دوو فۆرمی شێوە چوارگۆشە کە لە بنەڕەتدا چون یەکن، لە یەك خاك و سەرزەمینەوە سەرچاوەیان گرتووە و بەژنیان هەڵزناوە، یەکیان کورت و یەکیان درێژ. ئەوان لە دوو شوێنی نزیك بە یەکی سەرزەمینەکەوە هاتوون، بەرەو ئاسمانی سەرزەمینەکەش بەژنیان کردووە. لە خاڵی

**هونەرمەندێکی بیانی ئەگەر بیەوێ پرۆژەیەکی پەیکەر لە کوردستان جێبەجێ بکات، ناتوانێ بە هەمان شێوەی هونەرمەندانی کوردستان لە کرۆکی بابەت نزیك ببێتەوە. ئەمەش شتێکی چاوەڕوان کراوە، چونکە هونەرمەندی کوردستانی پەیوەندییەکی ویژدانیی بە کولتوور و کەلەپوور و مێژووی وڵاتەکەوە هەیە.**

**لە رووی نەخشەی هونەرییەوە کارێکی دانسقەیە، هونەرمەند بۆ خۆشی ئەندازەی خوێندووە، ئیدی دەکرێ سەبارەت بە وردەکاریی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە، نەخشەڕێ و کارنامەیەک ئامادە بکرێت.**







خۆری نێو ئاڵای وڵاتەکەشدا بە یەك دەگەن. ئەم گوتارە دیدەییە زۆر رەوان ء زۆر دروست و سادە ویژدانی هەموو کوردستانییەك دەدوێنێ. بەڵێ ئێمە هەموو رۆڵەی یەك زێد و یەك جوگرافیاین، جیاوازیی شوێنی سەرزەمینەکە و بەژنی هەر یەکەمان ناکاتە ئەوەی بەرەو خۆری یەکبوون و یەکگرتن نەچین. دیدار گەردی پێیوایە (یەك گرتن سەرکەوتنمان بۆ دێنێ). ئەمە فەلسەفەی ئەم کۆتەڵەیە کە وا پێویست دەکات نموونەیەکی لە دەروازە یان لە نێو هەر شارێکی کوردستاندا هەبێت. کۆتەڵەکە لە رووی هونەری و ستاتیکاوە بەرزە.

**هەشت هەزار بارزانی**

ئەمەشیان کۆتەڵێکی دیکەیە، ئەڵقەیەکی تراژیدیای ئەنفالی دژ بە کورد دەگێڕێتەوە، لە ماوەی نیو سەدەدا پێنج جار تەڤکوژی دژ بە کورد لە باشووری کوردستان پیادە کرا (١٩٦٣ شاڵاوی حەرەس قەومی، ١٩٨٢ ئەنفالی بارزانییەکان، ١٩٨٨ کیمیابارانی هەڵەبجە، ١٩٨٨ ئەنفالی کوردستان، ٢٠١٤ ئەنفالی شنگال). بۆ پاراستنی کورد لە تەڤکوژی و قڕکردن، پێویستە سەرمایەگوزاریی هونەری لە هەر پێنج تراژیدیاکەدا بکرێت، گەلێك شێواز هەن بۆ نمایشکردنی سیمبولیانەی چیرۆکی هەر تراژیدیایەك کە بە سەر نەتەوەکەماندا هاتووە. دانانی کۆتەڵ و دیواربەند، ئامرازێکی فرە کاریگەرە لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوە (مەبەستم بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و بۆ خەڵکی میوانی وڵاتەکەشمانە.)

کۆتەڵی هەشت هەزار بارزانی دەکرێ ببێتە نموونەیەك بۆ پرۆژەی لەم جۆرە. دیدار گەردی بەم جۆرە ئەم پرۆژەی کۆتەڵە راڤە دەکات: «هەشت هەزار بارزانی زیندەبەچاڵ کران، ئەوان نەمردوون، بەڵکوو هەردەم زیندوون، لە کێڵی گۆڕەکانیان را بەرز بوونەتەوە، گوڵی هەڵاڵەیان بە دەستەوەیە. چیرۆکی خۆیان بۆ نەتەوەکانی جیهان دەگێڕنەوە، باسی ئەوە دەکەن کە ئەوان بێتاوان بون، قوربانیی دەستی دیکتاتۆریەت و شۆڤینییەت بوون.»

ئەم کۆتەڵە لە باریدا هەیە گوزارشت لە سەرجەم ئەنفالەکانی دیکەش بکات، کە لە سەدەی (٢٠ و ٢١)دا بە سەر کورددا هاتوون.

# پاریس دەچێتە نەخۆشخانەی دەروونی



کچە ئەکتەر و مۆدێلی ناسراوی ئەمریکی پاریس جاکسۆن کچی پاشای پۆپۆ ئەمریکی مایکل جاکسۆن، بڕیاریدا بۆ ماوەیەك پشوو وەربگرێت بۆ پێداچوونەوە و دووبارە ڕێکخستنەوەی ژیانی و بایەخدان بە باری تەندروستی و جەستەیی و سۆزداری خۆی، چونکە لە ئێستادا هەست بە ماندووبوون و شەکەتییەکی زۆر دەکات.

سەرچاوەیەکی نزیك لە پاریس ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردەوە و رایگەیاند بۆ ئەم مەبەستە پاریس ناوی خۆی لە یەکێك لە دەزگاکانی چارەسەرکردن نووسیوە بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات بۆ چاکبوونەوە و دوورکەوتنەوە لە کار و شەکەت بوون، سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند کە کچەکەی مایکل جاکسۆن هەوڵ دەدات کاتێك لەو دەزگایە دەچێتە دەرەوە لە گشت روویەکەوە هەست بە وزەیەکی زۆر بکات و تەندروستیی تەواو بێت، تاکو بە گوڕ و تینێکی زۆرترەوە دەست بە کار و پرۆژە نوێیەکانی بکات کە بەنیازە لە داهاتوودا ئەنجامیان بدات.

شایەنی باسە ئەمە یەکەم جار نییە کە پاریس تووشی نەخۆشیی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ بێت، چونکە لە ساڵی ٢٠١٣ کە ئەو کات تەمەنی تەنیا ١٥ ساڵان بوو بە پەلە گەیەندرایە نەخۆشخانە بە هۆی هەوڵی خۆکوشتن دوای ئەوەی زیاتر لە (٢٠) حەبی دەرمانێکی تایبەتی خوارد، بەڵام دواترلە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری رۆلینگ ستۆن دانی بەوەدا نا کە ئەمە یەکەم هەوڵی نەبووە.

لە ساڵی ٢٠١٧ پاریس جاکسۆن رایگەیاند: کاتێك هەوڵی خۆکوشتنم دا، تەواو شێت بووم و تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ بووم و زۆریش بیرم دەکردەوە و رقیشم لە خۆم بوو، هەروەها من بە تەنیا رووبەڕووی ئەو دۆخە بوومەوە و داوای یارمەتیم لە کەس نەکرد و هەستم دەکرد کە ناتوانم هیچ شتێکی دروست ئەنجام بدەم و شایەنی ژیانیش نەبووم، ئەم رووداوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە ژیانی پاریس لە هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ رزگاربوون لە خەمۆکی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ناتوانێ بەبێ یارمەتی کەسانی دیکە رووبەڕووی ئەم گرفتانە ببێتەوە، دوای ئەوەی دووبارە نیشانەکانی دەرکەوتنەوە.

# دەنیز جەکیر رووبەڕووی رەخنەی ئافرەت



چەند ئافرەتێکی تورکی باڵاپۆش دژی خانمە ئەکتەری تورك دەنیز جەکیر بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و بە ئیهانەکردن و هێرشکردنە سەریان بە چەند وشەیەکی رەگەزپەرستی و ناشیرین لەلایەن دەنیزەوە تۆمەتباریان کرد، کە بە هۆی شێوەی جلوبەرگیان ئاراستەی کردبوون، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتانەش لە دادگا ئامادە بوو.

ئەو ئافرەتانە جگە لەوەی بەیاننامەیەکیان دژی دەنیز بڵاوکردەوە، لە دادگاش سکاڵایان لە دژی تۆمار کرد، بەڵام دەنیز لە رێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەم تۆمەت و بەیاننامەی رەت کردەوە و دووپاتی کردەوە کە بە هیچ شێوەیەك باسی نەکردوون، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بێزاریی خۆیان دەربڕی لە وێنەگرتن کاتێك لە ئاهەنگێکی لەدایکبوون لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانی ئامادە بوو و لەوێ چاوی بەو ئافرەتانە کەوت و ئەو کاتە گفتوگۆ و مشتومڕێکی توند لە نێوانیاندا دروست بوو، بەڵام ئەو گفتوگۆیە پەیوەندیی بە جلوبەرگ و شێوەی دەرەوەیانەوە نەبوو. تەنیا ئەوە نەبێت کە لە کاتی گفتوگۆی نێوانیاندا پێی گوتن: ئێوە لێرە چی دەکەن. ئایا ئێمە لە سعودیا دەژین؟

بەشێکی زۆر لە میدیاکانی تورکیا لەبەردەم دادگا



# لۆخاندی کەوتەوە داوی خۆشەویستییەوە

دوای ماوەیەك لە جیابوونەوەی خانمە ئەکتەری هیندی ئەنکیتا لۆخاندی و ئەکتەری لاو سۆشانت سینج راجبۆت، لە ناکاو لۆخاندی رایگەیاند کە لە ئێستادا دووبارە کەوتۆتەوە داوی خۆشەویستی، بەڵام ئەم جارەیان خۆشەویستەکەی ئەکتەر نییە و لە بواری هونەریدا کار ناکات.

هەر سەبارەت بەم بابەتە چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی رایانگەیاند کە ئەنکیتای پاڵەوانی فیلمی ئەفسانەیی و مێژوویی Manikarnika لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدایە لەگەڵ بیزنسمانێکی ناسراوی هیندی بە ناوی فیکی جاین و بڕیار وایە بەم نزیکانە بە فەرمی هاوسەرگیریی خۆیان رابگەیەنن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەنکیتا پێش ماوەیەك رایگەیاندبوو کە لە ئێستادا بیر لە ژیانی هاوسەری ناکاتەوە.

ئەنکیتا لە دوایین چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ رۆژنامەی india today، باسی لە ژیانی تایبەتی خۆی و پلانەکانی بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەری کردووە و لەم دیمانەیەدا دانی بەوەدا ناوە کە ئێستا لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدا دەژی، بەڵام بەم نزیکانە هیچ پلانێکی بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەری نییە.

هەر لەم دیمانەیەدا ئەنکیتا دەربارەی خۆشەویستی دەڵێت: خۆشەویستی بە لای منەوە شتێکی زۆر گرنگ و پێویستی ژیانە و بڕوایەکی تەواوم بە خۆشەویستی هەیە بۆ هەموو لایەك نەك تەنیا ئەو کەسەی کە خۆشم دەوێت و بەنیازم ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێك بهێنم، هەروەها پێویستە هەموو کەسێك وەك هەستێکی پیرۆز لە خۆشەویستی بڕوانێت.

## ...ان دەبێتەوە

چاوەڕێی دەنیزیان دەکرد، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و هاتنە دەرەوەی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: گشت ئەو تۆمەتانەی ئاراستەم کراون، رەت دەکەمەوە، چونکە تا ئێستا من بە هیچ شێوەیەك جیاوازیم نەکردووە لە نێوان ئافرەت و پیاو، یان باڵاپۆش و ئەوەی جلوبەرگی ئاسایی دەپۆشن، جیاوازی لە نێوان کەس ناکەم لەسەر بنەمای رەگەز، یان ئایین، یان رەنگ، بەپێچەوانەوە لە زۆر پرۆژەی کۆمەڵایەتی ئامادە بووم کە بۆ مەبەستی داکۆکی لە ئازادیی ئایینی بووە، هەروەها ڤیدیۆی رووداوەکە ئامادەیە و دەتوانن بیپشکنن بۆ دڵنیابوون لە گوتەکانم.